# کەرەسە مۆرفۆسینتاکسییەکان لە کرمانجیی ناوڕاست و کرمانجیی ژووروودا

پ.ی.د. فەرەیدون عبدول محمد– د. ابوبکر عمر قادر
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان/ بەشی کوردی

زانستی زمان وەك زانستێکی گشتگیر، جگە لە ئاستە پێکهێنەرەکانی زمان دەنگسازیو وشەسازیو ڕستەسازی، واتاسازی، چەندین پۆلینی تری لە ڕوانگەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و جوگرافیاوە ...هتد لەخۆدەگرێت، هەر بوارەش ناوی تایبەتی خۆی لێنراوە، وەك زانستی زمانی دەروونناسی، زانستی زمانی کۆمەلأیەتی، زانستی زمانی جوگرافیایی.

لەزانستی زمانی جوگرافیاییدا، جگە لە دیاریکردنی سنووری بەکارهێنانی زمانی هەر گەل و نەتەوەیەك بوارێکی تر بە ناوی دیالێکتۆلۆژی گرنگیی پێدراوە ـ بەواتا زانستی زارەکان یان زارناسیی. ئەگەر زمان وەك پێڕەوێکی زانستیی هۆی لەیەکگەشتن بێت ئەوا هەر میللەتە پێڕەوی تایبەتی خۆی هەیە جیای دەکاتەوە لە گەلان و میللەتانی تر، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە: زمان لە کۆمەڵێکی دیارییکراودا کاردەکات ( محمد معروف فتاح: ١٩٩١:٥) بە واتا فەرهەنگ و زمانی هاوبەش یەکیان دەخات. ئاشکرایە سنووری جوگرافیی بەکارهینانی هەر زمانێك لە ڕێی کاریگەریی هاوسێی و تێکەڵبوونەوە سنوورێکی دابڕی نییە، هاوکات ناوەندی جوگرافیایی زمانێك لەگەڵ لەمپەرەکانیدا جیاوازییان هەیە و ئەمپەڕو ئەوپەڕی سنوور جیاوازییەکانیان

بەبەراورد لەگەڵ ناوەندا زۆرترە (دی سۆسێر: ١٩٨٥: ٢٢٢)، بەمەش زارەکان بەرجەستەدەبن و لێکۆڵینەوەکانیش دەچنە بواری زانستی زمانی زارەکانەوە  یان دیالێکتۆلۆژی، کەواتە دەبێ بزانرێت مەبەست لە زار چییە؟

زار: زار یان دیالێکت – وەك زاراوە- پێکهاتەیەکی ناوچەیی یان کۆمەلأیەتی جودای زمانێکە، جودایی لە کۆمەڵێك وشەو پێکهاتەی ڕێزمانیی و دەربڕینی جیاوازدایە بەبەراورد لەگەڵ دەڤەرو ناوچەی تردا (Crystal:2003:136).

زار : ڕێبازی قسەکەرانی زمانێکە، کە بەزۆری ئاماژەیە بۆ گرتنەوەی دەڤەرێکی جوگرافی –

ئینتمای جوگرافی یان کۆمەلأیەتی یان ڕۆشنبیری، واتە دەشێت زار جوگرافی یان کۆمەلأیەتی بێت.

هەر زمانێك کۆمەڵێك زاری هەیە، هەریەکەیان تایبەتمەندیی جیاکەرەوەی خۆی هەیە لە ڕوانگەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازیەوە، هاوکات دەشێت زار بە تێپەڕبوونی کات گەشە بکات و ببێتە زمانێکی سەربەخۆ، بە پشت بەستن بە بنەما جیاوازەکانی جوگرافیایی و ڕامیاری و ڕۆشنبیری. (محمد علی الخولی:١٩٨٢:٧٣)

بوونی زاری جیاواز لە زمانێکی دیارییکراودا ، دیاردەیەکی سروشتییە، هاوکات هیچ زارێك نابێتە زارێکی سروشتی، بەڵکو زارە جیاوازەکان تایبەتێتیی سروشتیی خۆیان هەیە، بە واتایەکی تر دەگوترێت زارەکان هێندەی دەڤەرە جیاوازەکانن، ئەمەش لەگەڵ بیرۆکەی ناوچەیی نەگۆڕدا نەگونجاوە. (دی سوسیر:١٩٨٥:٢٢٣). ئەوەندە هەیە، کە :

١- دەتوانرێت زار لەرێگەی کۆی تایبەتێتییە جیاکەرەوەکانییەوە دیارییبکرێت.
٢- دەشێت زار لە ڕێگەی پێڕەوکردنی یەکێك لە تایبەتمەندییەکانییەوەدەستنیشانبکرێت.

بە واتا بەراوردی پێکهاتەی وشە ناوچەییەکان و گەردانکردنیان وەك تایبەتمەندێتی ناوچەیی بەزانستی جوگرافیای زارەکان سپێرراوە، کە زانستێکی زمانیی دەرەکییە پەیوەندیی جێگەیی نێوان دیاردە زمانییەکان و جیاوازی نێوان زارەکان دەخاتەڕوو. (Crystal:2003:136).

لێکدانەوەی زانستییانەی فۆڕمەجیاوازەکانی زمانێك بە دیالێکتۆلۆژی - Dialectology یان زمانەوانیی جوگرافیایی دەناسرێت، بە واتا جیاوازیی نێوان زارەکان زانستێکی نوێی لە ئاستی زانستی زمانی کۆمەڵأیەتیدا – بەناوی دیالێکتۆلۆژیی هێناوەتەئاراوە، کە بریتیە لە لێکدانەوەی زارەکانی زمانێکی دیاریکراو ، کە بە جوگرافیای زارەکان دەچوێنرێت.(محمد علی الخولی: ١٩٨٢:٧٤)

لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەوە بەراوردی کەرەسە مۆرفۆسینتاکسییەکانی نێوان هەردوو زاری کرمانجیی ژوورو، کرمانجیی ناوەڕاست دەکرێت وەك تایبەتمەندییەکی ئاستی ڕستەسازی بە مەبەستی ئاسانکاریی لەیەکترگەیشتن بە تایبەت لەم قۆناغەدا کە دەشێت وەك ژێدەر لە وتنەوەی ڕێزمانی کوردی لە قۆناغەجیاوازەکانی خوێندندا سوود بگەیەنێت.

خودی ڕستەسازی لێکدانەوەی چۆنێتی ڕێکخستنی وشەکانە لە پێکهاتەی فرێزو

ڕستەکاندا.(Radford:1997:272). بچووکترین یەکەی ئاستی ڕستەسازیش مۆرفیمە، واتە مۆرفیم وەك یەکەکی پێکهاتەی ڕستە، ئەرکێك، واتایەك، مەبەستێك دەگەیەنێت. لەم ڕووەوە (کاتامبا)دەڵێت : مۆرفیم بچوکترین جیاوازییە لە فۆڕمی وشەدا بەوەی پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ بچوکترین جیاوازی لە وشە یان واتای ڕستە یان پێکهاتەی ڕێزماندا دێنێتەئاراوە. ( katamba:1993:24 ) بە واتا گەیاندنی واتای جیاواز، ئەرکی جیاواز و چەمکی ڕێزمانی بە مۆرفیم سپێرراوە.

مۆرفیم بە پێی فۆڕم –ئازادو بەند – هەروەها وشەداڕێژو وشەگۆڕ تایبەتێتی خۆیان هەیە.

ئەوەی لەم باسەدا مەبەستە مۆرفیمە وشەگۆڕەکانن، کەوەك دیاردەیەکی مۆرفۆلۆژی سینتاکسی پەسنی شێوەی وشەکان دەکات ، بە مەبەستی دیاریکردنی بارێکی ڕێزمانی ، بێ ئەوەی واتای وشەیان پۆلی وشە بگۆڕێت ( ابوبکرعمر قادر :٢٣:٢٠٠٣ ) بە واتایەکی تر وشە گۆڕەکان وەك گیرەکی ڕێزمانی بەندن بە حوکمی ڕەفتاری رستەسازییەوە و ڕۆلی ڕێکخستنی پەیوەندیی ڕستەیی کەرەسەکان دەنوێنن و بە مۆرفۆسینتاکس دەناسرێن .

## مۆرفۆسینتاکس :

بریتییە لەو پرۆسانەی زمان، کە نواندنی تایبەتێتی سینتاکسی لە ڕێی کەرەسەی مۆرفۆلۆژییەوە دێننەکایەوە، واتە لەڕێگەی بوونی مۆرفیمی بەندی وەکو(Flexives) یان کلیتیك (Bussman:1996:316). ئەم پرۆسەیە پێچەوانەی پرۆسەی خستنەپاڵ یەکی کەرەسە کۆکراوەکانە (واتە دانەیەکی ئاستی وشە ڕۆنان نییە)لەم پرۆسەیەدا تایبەتێتی سینتاکسی بە پێی جێگەی ئەو کەرەسەیە لە دەربڕیندا دەخرێتەڕوو.(ابوبکر عمرقادر:١٨:٢٠٠٣ )

گیرەکە ڕێزمانییەکان بە مۆرفیمی وشەگۆڕ ( Inflection )ناسراون. ئەرکی پەیوەندیی ڕێزمانی دەنوێنن و سیمای ڕێزمانی وەك ژمارەو کات و دۆخ و ڕووکار .. دەخەنەڕوو، پۆلێك پێکدێنن ( Inflectional Category ) هەرزمانێك پۆلێکی دیاریکراوی هەیە، هاوکات لە دیالێکتە جیاجیاکانی زمانەکەشدا لێکچوون و لێکنەچوون بەدی دەکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی لێکدانەوەو بەراوردکردن، ئەم کارەش تایبەتکراوە بە بەراوردی گیرەکە ڕێزمانییەکانی پێکهاتەی فرێزو ڕستەلە هەردوو دیالێکتی کرمانجیی ناوڕاست [(١)] و کرمانجیی ژوورووی زمانی کوردیدا.

ڕسته وەك فۆرمێكی ئازاد له دوو بەشی سەرەكی پێكدێت، فرەیزی ناوی و فرەیزی كاری، له هەر یەك لەم دوو بەشەدا، گیرەكی ڕێزمانی وەك كەرەسەیەكی مۆرفۆسینتاكسی بەشداری دەكەن و تایبەتێتی سینتاكسی وشه فەرهەنگییە سەربەخۆكان وەك ناسراوی و نەناسراوی، خستەپاڵ، بانگێشتكردنی فرێزی ناوی كات و كەس – تاك و كۆ- ڕووكار، دیارونادیاری فرێزی كاری دیاریدەكەن.

فرەیزی ناوی دەشێت تەنها ناونیشانێك بێت یان له پێكهاتەی رستەدا بێت، وەك ناونیشانێكی سەربەخۆ، ناوەكان وەك : (زانكۆی سلێمانی، گوڵی بەهار، تازەترین بەرهەم، بەشی كوردی كۆلێژی زمان...هتد )، دەشێن تایبەت یان گشتی بن، ناوی گشتی دەتوانرێت ناسراو یان نەناسراو بێت، تاك بێت یان كۆ بێت، ئەم دیاردانە وەك پڕۆسە به مۆرفۆسینتاكسەكان سپێراون.

هاوكات فرەیزی ناوی- بكەری/ بەركاری- دەبێتە بەشێك له پێكهاتەی ڕستە. سەرە یان بنجی ئەم فرەیزانە دەبێت ناو یان جێناو بن.

## یەكەم : كردەی ناسراوكردن

ناو وەك وشه دانەیەكی ئاستی مۆفۆلۆژییە، كه دەشێت له مۆرفیمێك یان پتر پێكبێت له چوارچێوەی فرەیزو رستەدا باری رێزمانی دەگۆڕرێت، به تایبەت ناوی گشتی كاتێك ناسراو دەكرێت به لای قسەكەرو گوێگرەوە، ئاشكرا دەبێت. كردەی ناسراوكردن له ك.ن دا به زۆری به مۆرفیمی وشەگۆڕی (ەكە، ە)و ئەلۆمۆرفەكانی دەبێت، هاوكات جێناوی نیشانەی (ئەم...ە ، ئەو....ە)، ئەو ڕۆڵە دەبینن، كه وەك دیاریكارێك پێش ناو دێن، هاوكات ناسراوكردن دەشێت له رێگەی دەرخەرەوە بێت كه دوای دەرخراو دێتو مۆرفیمی خستنەپاڵی (ی- ە) كۆتایی دەرخراو دەگرێتو لەكاتێكدا ئەم كردەیە له ك.ژ دا له ڕێی دیاریكار، واتە جێناوی نیشانە یان دەرخەرەوە ئەنجام دەدرێت، وەك له نموونەكاندا تێبینی دەكرێت:

| ا. ك.ن | ب.ك.ن | پ.ك.ژ |
| --- | --- | --- |
| كوڕەكە هات. | ئەو كوڕە هات. | ئەو كوڕ هات. |
| مندالّەكە نووست. | ئەو مندالّە نووست. | ئەو زارۆك نڤست. زارۆك نڤست[٢] |
| كوڕەكە نامەكەی هێنا. | ئەو كوڕە نامەكەی هێنا. | وی نامە ئینا. |
| ژنە ماڵێك بەڕێوە دەبات. | ئەم ژنە ماڵێك بەڕێوەدەبات. | ئەڤ ژنە مالەك ب ڕێڤە دبەت. |
| ئەم خانووە | | ئەڤ خانییە |

| | |
|---|---|
| ئەم دوو خانووە | ئەڤ دوو خانییە |
| ئەم کوڕانە | ئەڤان کوڕا/ ئەڤ کوڕ |
| ئەم کچانە | ئەڤان کچا/ ئەڤ کچ |
| ئەو جوتیارانە | ئەوان جوتیارا/ ئەو جوتیار |

نموونەکانی ب، پ تا ڕادەیەك بەرامبەر دەوەستنەوە، ئەوەندە هەیە لە کۆی ک.ن دا نیشانەی کۆو بزوێن (ان- ە) کۆتایی ناوی دەرخراو دەگرن، بەڵام لە ک.ژ دا (ان) کۆتایی جێناوی نیشانە دەگرێت. نموونەکان تەنیا دوورو نزیکی دەخەنەڕوو، هاوکات لە ک.ژ دا نیشانەی (ان)ی کۆکە چووەتەسەر جێناوی نیشانە (ا) ی ئەلۆمۆرفی (ان) چۆتە سەر ناوی دەرخراو، لە کاتێکدا بەکارهێنانێکی تری ئەم جێناوانە بەرامبەر دەوەستنەوە، بڕوانە (ڤیان: ٢٠٠١: ٣٥-٧٩)

| | |
|---|---|
| من ئەو گوڵەم کڕی ... ئەو ...ە | من ئەو گولە کڕی. ئەو.....ە |
| من ئەو گوڵانەم کڕی. ئەو.....انە | من ئەو گولێن هە کڕی. ئەو....ێن هە |
| ئەو کوڕە نانی خوارد. ئەو....ە | ئەوی کوڕێ هە نان خوار ئەوی....هە |
| ئەم کوڕانە نانیان خوارد. ئەم...انە | ئەڤان کوڕێن هە نان خوار ئەڤان.... ێن هە |

لە سەرنجدانی هێڵ بە ژێردا هاتوودا، ئەوە دەردەکەوێت کە :

١- فۆڕمی جێناوی نیشانە: ئەم...ە/ ئەڤ ...ە/ ئەو....ە وەك یەکن.

٢-فۆڕمی جێناوی نیشانەی کۆ: ئەو....انە/ ئەو...ێن هە / ئەڤان....ێن هە .

جیاوازییان لە هاتنە ناوەوەی فۆنیمی (ه)یە لە نێوان نیشانەی کۆو بزوێنی پاشبەندی (ە) لەم ڕوانگەیەوە عبدالوهاب خالد (هە ) بە مۆرفیمی دووپاتکردنەوە دادەنێت و لە پاڵی جێناوەکانی نیشانەو کۆدا ئەرکی ناسراوکردنیان دەداتێ (عبدالوهاب : ٢٠٠٩:١٤٣)، لە کاتێکدا ڤیان سلێمان (ه) بە دەنگێکی ناوبڕ دادەنێت.(ڤیان: ٢٠٠١:٧٩) بێگومان ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئەرك و چەمکی مۆرفیم دەگونجێت و لە شیکاری دەربڕراودا بە مۆرفیمی بەتاڵ دادەنرێت.

بە تێڕوانینی ورد لەم نموونانە لێکچوون و جیاوازی وردتری کردەی ناسراوکردنی ک.ن و ک.ژ ڕوون دەبێتەوە:

| ك.ژ | ك.ن |
|---|---|
| ئەڤی زەلامی  ئەڤی .... ی | ئەم پیاوە   ئەم ....ە |
| ئەوی.... شڤانی       ئەوی.... ی | ئەو شوانە   ئەو ....ە |
| ئەوێ کچێ          ئەوێ...ێ | ئەو کچە   ئەو...ە |
| ئەڤ ..... ڕۆژێت     ئەڤ.... ێت | ئەم ڕۆژانە   ئەم ..... انە |
| ئەو سالێت مە        ئەو..... ێت | ئەو سالآنەی ئێمە    ئەو.... انە |

لە بەراوردی نموونەکاندا ئەوە بەدی دەکرێت، کە شوێنی جێناوی نیشانە، لە هەردوو زاردا- لەم بەکارهێنانەدا- وەك یەکن، خاڵی جیاواز و سەرنج ڕاکێش بوونی نیشانەی توخمە (Gender) لە تاکی نێرومێی ك.ژ دا، کە کۆتایی جێناوی نیشانەی (ئەڤ ، ئەو) دەگرێت (ی) بۆ نێرو (ێ) بۆ مێ، وێڕای دووبارەبوونەوەی نیشانەکان لە کۆتایی ناوی دەرخراودا، هاوکات تێچوونی بزوێنی (ە) لە کۆدا، هەر لەم ڕوانگەیەوە (عبدالوهاب : ٢٠٠٩ :١٢٢ ) جێناوەکانی نیشانەی کردۆتە دوو کۆمەڵ.

دەبێت ئەوە لە یاد نەکرێت، کە ناوی دەرخراو لە پێکهاتەی فرێزی ناویدا دەشێت لە ڕێی وشەکانی ژمارەو ڕادەوە دیارییبکرێت، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| هەمی قوتابیا ئامادەن. | هەموو قوتابییەکان ئامادەن. |
| هندەك مرۆڤا نەدڵسۆزن. | هەندێك مرۆڤ دڵسۆز نین. |
| ڕەڤدەکا  قازان | ڕەوەیەك قاز |
| دوو کوڕا | دوو کوڕ |

لە تێڕوانینی ئەم نموونانەدا ئەوە بەدی دەکرێت، کە دیاریکەر پێش دەرخراو دێت وهیچ مۆرفیمێکی خستەپاڵ و توخم لە نێوانیاندا نەهاتووە. خاڵی جیاواز لێرەدا بریتییە لە دەربڕینی ناوی گشتی وەك پۆلێك لەگەڵ دیاریکارەکاندا، لە ك.ن دا، بەلآم هاتنی (ا) ئەلۆمۆرڤ (ان)ی کۆ لەگەڵ ناوەکانی ك.ژدا .

وەك لە سەرەتادا ئاماژەی پێکرا فراوانکردنی فرەیزی ناوی، واتە خستنەڕووی ناوی دەرخراو و ناساندنی دەشێت لە ڕێگەی دەرخەرەوە بێت، بۆ نموونە:

| | مۆرفیمی خستەپاڵ | | مۆرفیمی خستنەپاڵ |
|---|---|---|---|
| گوڵی جوان | ی | گولا جوان | ا |
| کوڕی ئازا | ی | کوڕێ چەلەنگ | ێ |
| زانکۆی سلێمانی | ی | زانکۆیا سلێمانی | یـ ا |
| یەکێتی نووسەرانی کورد | ە | ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد | یـ ا - ێن |
| گوڵە جوانەکە | ە | ئەو گولا جوان/گولا جوان | ا |
| کوڕە ئازاکە | ە | ئەو کوڕێ چەلەنگ/کوڕێ چەلەنگ | ێ |
| کوڕە ئازاکان | ە | ئەو کوڕێن چەلەنگ/ کوڕێن چەلەنگ | ێن |
| کوڕانی کوردستان | ی | کوڕێد کوردستان | ێد |

لە نموونەکاندا تێبینی ئەوە دەکرێت، کە ڕیزبەندی دەرخراو و دەرخەر وەك یەکن. مۆرفیمی خستنەپاڵ لە ك.ن دا، کە بریتین لە (ی- ە) بە پێی گشتی و تایبەتێتی کۆتایی دەرخراو دەگرن دوور لە توخم و دۆخ، لە کاتێکدا توخم و دۆخ لە ك.ژ دا ڕۆڵ دەبینن لە دیارییکردنی مۆرفیمە ڕێزمانییە ڕێکخەرەکاندا.

لە ك.ن نیشانەی ناسراوی (ەکە) کۆتایی فرەیز دەگرێت و نیشانەی کۆ بەدوایدا دێت و مۆرفیمی خستنەپاڵ (ە)یە، بەلاّم لە نەناسراوی و گشتی دا بەستن بە (ی) دەبێت، لە کاتێکدا بەستن لە ك.ژ دا لەگەڵ ناوی تاکی نێر بە (ێ) و ناوی مێ بە (ا) ، ناوی کۆ بو (ێن، ێد، ێت) دەبێت بۆ هەردوو توخمی نێرو مێ .

بەواتایەکی تر ئەو کەرەسانەی ڕۆڵی بەستن لە فرەیزی ناویدا دەبینن لە ك.ن دا (ی-ە) یە، بەلاّم لە ك. ژ دا بەستن بە (ێ) بۆ نێر و (ا) بۆ مێ و (ێن، ێد، ێت)بۆ کۆ.

خاڵی سەرنج ڕاکێش ئەوەیە،کە لە نێوان دیاریکارو دەرخراودا واتە جێناوی نیشانەی دەرخراو مۆرفیمی (ی) توخمی نێر لەخۆ دەگرێت و (ێ) توخمی مێ، بەلاّم لە خستنەپاڵی دەرخەر بەدوای دەرخراودا (ێ) بۆ نێرو (ا) بۆ مێ یە.

## دووەم: کردەی نەناسراوکردن:

نەناسراوکردنی ناوی گشتی، گۆڕینی باری ڕێزمانی ناوە لەپێکهاتەی فرەیزو ڕستەدا کە بە مۆرفیمی ڕێزمانی ێك/ەك و ئەلۆمۆرفەکانی ئەنجام دەدرێت، کەوەك کەرەسەیەکی مۆرفۆسینتاکس کۆتایی ناوی گشتی دەگرن، بۆ نموونە:

| ك.ن | م. نەناسراوی | ك.ژ | م. نەناسراوی |
|---|---|---|---|
| كوڕێكی زیرەك | ێك | كوڕەكێ زیرەك | ەك |
| كچێكی جوان | ێك | كچكەكا جوان | ەك |
| ئازاد كتێبێكی كڕی | ێك | ئازادی كتێبەك كڕی | ەك |
| نازدار كتێبێكی كڕی | ێك | نازدارێ كتێبەك كڕی | ەك |

له فرەیزی ناوی ك.ن دا مۆرفیمی (ی) خستنەپاڵ دوای نیشانەی نەناسراوی هاتووە، بەڵام له ك.ژدا دوای مۆرفیمی نەناسراوی (ەك)ی خستنەپاڵ، مۆرفیمی توخم دێت، بەواتا بۆ نێر (ێ) بۆ مێ (ا) هاتووە. هاوكات ناوی دەرخراوی بەركاری له ك.ن جێناوی لكاوی (ی) دوای مۆرفیمی نەناسراوی هاتووە، بەڵام له ك.ژ دا دوای نەناسراوی هیچ مۆرفیمێ نەهاتووە.

## كردەی كۆكردنەوە:

شتەكانی دەوروبەری مرۆڤ، كه هەریەكەیان ناوی خۆی هەیە ، بەتاك و كۆ دەبینرێت خستنەڕووی تاك و كۆ به كەرەسە مۆرفۆسینتاكسییەكان دەسپێررێن، واته گەیاندنی چەمكی تاك یان كۆ له جیاوازی فۆڕمە دەربڕراو و نووسراوەكاندا بەرجەستە دەبێت و به كردەیەكی ڕێزمانیی ئەژمار دەكرێت. مۆرفیمی سەرەكی ئەم كردەیە بریتییە له (ان) و ئەلۆمۆرفەكانی، هاوكات مۆرفیمەكانی ها، ات، گەل تا ڕادەیەك له سنوورێكی دیاریكراودا بەكاردەهێنرێن.

له ك.ن مۆرفیمی ( ان) ڕۆڵێكی سەرەكی و بەرفراوانی هەیە، بێ خۆبەستنەوە به دۆخی ڕێزمانی ناوەكانەوە، له كاتێكدا له ك.ژ دا ناوی كۆ دەرخراو پشت بەستووە به دۆخی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆوە، وەك لەم خاڵانەدا ڕوون دەبێتەوە.

یەكەم: ئاسایی مۆرفیمی (ان) له دۆخی ناڕاستەوخۆدا دێت، كه ئەم بارانە دەگرێتەوە.

| | |
|---|---|
| ١- بكەری كاری ڕابردووی تێپەڕ | كوڕان سێڤ خوارن . |
| ٢—بەركاری كاری ڕانەبردوو. | ئەز كوڕان دبینم. |
| ٣-ئەو ناوانەی دوای پێشناون- Preposition- | ئەز دینارەك ب سیگاران نادەم. |
| ٤-ئەو ناوانەی دەبنە دەرخەر دوای دەرخراو | ئەز دچمە مالا كوڕان. |
| ٥-بكەری كاری هەبوون. | كوڕان خانی هەبوون/هەن/ دێ هەبتن |
| ٦-بكەری كاری ڤیان/ ویستن | كوڕان خانی ڤیا / دڤێ / دێڤی |

دووەم: لە دۆخی ڕاستەوخۆدا مۆرفیمی کۆ لەگەڵ ناودا دەرناکەوێت، بەڵکو لە ڕێی هاونیشانەکردنی جێناوی لکاوی ڕێکەوتنی ین/ن/ن کە دەچنە کۆتایی کار لەم بارانەدا:

١- بکەری کاری ڕابردووی تێنەپەڕ. کوڕ هاتن. / کوڕان هاتن

٢-بەرکاری کاری ڕابردووی تێپەڕ. من کوڕ دیتن / من کوڕانم بینی

٣- بکەری کاری بوون : بوونی بونایەتی :

کوڕ جوتیاربوون / کوڕان/ کوڕەکان جووتیار بوون.

بوونی گۆڕان: کوڕ بوونە جوتیار / کوڕان/ کوڕەکان بوون بە جووتیار

بوونی هەیی: کوڕ هەن . : کوڕان هەن/ کوڕەکان هەن

٤-جێگری بکەر کوڕهاتنە دیتن. کوڕان / کوڕەکان بینران.

٥-بکەری کاری ڕانەبردوو کوڕ نانی دخون. کوڕان/کوڕەکان نان دەخۆن

هاوکات شێوەیەکی تری کۆکردنەوەی ناو لە ڕێگەی خستنەپاڵەوە دێت، کە ئەویش لە ڕێی مۆرفیمەکانی ێت/ێد/ ێن وەك:

| | | |
|---|---|---|
| هەڤالا من | هەڤالێت من | هەڤالەکانی من |
| هەڤالێ من | هەڤالێد من | هەڤالانی من |
| | هەڤالێن من | |

نموونەکان ئەوە دیاریدەکەن، کە مۆرفیمەکانی (ێت/ێد/ ێن) دەبنە مۆرفیمی کۆو خستنەپاڵ لە هەردوو توخمی نێرومێ دا.

نموونەکان ئەوە دەخەنەڕوو، کە مۆرفیمی (ان)ی کۆ لە دۆخی ڕاستەوخۆدا نایەت بەڵکو ڕێکەوتنی جێناوی لکاوی پێکهاتەی کار چەمکی کۆ دەخاتەڕوو، هاوکات ڕستەیەك دەشێت بکەرو بەرکاری کۆبن وەك :

کوڕان کچ دیتن. کوڕەکان کچەکانیان بینی. کوڕان کچانیان بینی.

کوڕ کچان دبینن. کوڕەکان کچەکان دەبینن. کوڕان کچان دەبینن.

## ناوی تایبەت و کۆکردنەوە:

ئەگەرچی ناوی تایبەت تاکەو کۆناکرێتەوە، بەڵام لە (ك.ژ)دا ئەم کردەیە بەدی دەکرێت، واتە هاتنی (ان)ی کۆ دوای ناوی تایبەت، بۆ نموونە:

| أ) | ب) |
| --- | --- |
| ئازاد دەهـ ئارازان دینێت. | ئازاد دە ئاراز دێنیت . |
| ئەز زاخۆیێ نادەم ب هزار تەهرانان. | من زاخۆ بە هەزار تاران ناگۆڕمەوە. |
| هەمی نەڤرۆزان گەلێ کورد ئاهەنگ دگێڕن | هەموو نەورۆزێك گەلی کورد ئاهەنگ دەگێڕن |

خاڵی سەرنج ڕاکێش لە نموونەکانی کۆمەڵەی (أ) ئەوەیە، کە ئەو ناوە تایبەتانەی مۆرفیمی (ان)ی کۆی وەرگرتووە لە پێشیەوە دەرخەرێك ژمارە/ ڕادە هاتووە.کە چەمکی دیاریکردنی ناوە تایبەتییەکەی بەرجەستەکردووە. ئەم کردەیە لە ك.ن لەگەڵ ناوی تایبەتی مۆرفیمی نەناسراوی (ێك) بەرجەستەدەکات و لەگەڵ ناوی گشتی مۆرفیمی (ان)ی کۆو مۆرفیمی نەناسراوی دیارییان دەکەن، بۆ نموونە :

ئازادێکی دڵسۆز بە دە ئاراز ناگۆڕمەوە.

ئازادێك دەڕوات و دە نەوزاد دێت.

ڕۆژانێکی سەخت تێپەڕین.

هەموو نەورۆزێك ئاهەنگ دەگێڕین.

بە واتا (ان) لە ك.ژ دا بەرامبەر (ێك) لە ك. ن دەوەستێت و تا ڕادەیەك ئەم کردەیە بەرچاو دەکەوێت.

## کردەی خاوەنێتی:

فرەیزی ناوی خاوەنێتی، کە پشت بەستووە بە جێناوەکانی خاوەنێتی لە ك. ن دا (خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان) کە هەریەك لە فۆڕمەکان لە مۆرفیمی خۆ+ یەکێك لە جێناوەلکاوەکانی (م،ت،ی، مان، تان، یان) پێکدێت.

بە پێی کەسی خاوەندار لە کردەیەکی کرتاندن و لاخستن دا، مۆرفیمی (خۆ) دەڕوات و یەکێك لە جێناوەلکاوەکان وەك دەرخەر کۆتایی ناو دەگرێت و ڕۆڵی خاوەنێتی دەنوێنێت .

جیاوازە لە مۆرفیمی خاوەنێتی لە ك.ژ، کە بریتییە لە (خوە) بۆ هەر شەش کەسە ڕێزمانییەکە و ناتوانرێت کردەی کرتاندنی لەگەڵدا بکرێت و ناسینی کەسی خاوەنێتی پەیوەستە بە پێکهاتەو چەمکی دەربڕاوەوە، وەك لەم نموونانەدا سەرنج دەدرێت:

| ک. ن | ک.ژ |
| --- | --- |
| کوڕی خۆم | |
| کوڕی خۆت | |
| کوڕی خۆی | |
| کوڕی خۆمان | کوڕێ خوە |
| کوڕی خۆتان | |
| کوڕی خۆیان | |

| ک.ن | ک.ژ |
| --- | --- |
| کچی خۆم | |
| کچی خۆت | |
| کچی خۆی | |
| کچی خۆمان | کچا خوە |
| کچی خۆتان | |
| کچی خۆیان | |

| ک. ن | ک. ن | ک.ژ |
| --- | --- | --- |
| کوڕی من ← | کوڕم ← | کوڕێ من |
| کوڕی تۆ ← | کوڕت ← | کوڕێ تە |
| کوڕی ئەو ← | کوڕی ← | کوڕێ وی / وێ |
| کوڕی ئێمە ← | کوڕمان ← | کوڕێ مە |
| کوڕی ئێوە ← | کوڕتان ← | کوڕێ وە |
| کوڕی ئەوان ← | کوڕیان ← | کوڕێ وان |

| ک. ن | ک.ن | ک. ژ |
| --- | --- | --- |
| کچی من ← | کچم ← | کچاێ من |
| کچی تۆ ← | کچت ← | کچاتە |
| کچی ئەو ← | کچی ← | کچا وی / وێ |
| کچی ئێمە ← | کچمان ← | کچا مە |

| | | |
|---|---|---|
| کچی ئێوە ⟵ | کچتان ⟵ | کچا وە |
| کچی ئەوان ⟵ | کچیان ⟵ | کچا وان |

لێرەدا ئەوە بەدی دەکرێت، کە جێناوەکانی (م، ت،ی، مان، تان، یان) وەك جێناوی خاوەنێتی بەرامبەر بە جێناوەکانی (من، تە ، وی/وێ، مە، وە، وان) دەوەستنەوە.

ناسراوکردن لە (ك.ن) بە مۆرفیمی (ەکە) دەبێت، بەڵام لە (ك.ژ) لە بیروهۆشدا بەرجەستەدەبێت، هاوکات نەناسراوکردن لە هەردوو زارەکەدا بە مۆرفیم دەبێت، وەك :

| | |
|---|---|
| کوڕەکەی من | کوڕێ من |
| کچەکەی تۆ | کچا تە |
| کوڕێکی من | کوڕەکێ من |
| کچێکی تۆ | کچەکا تۆ |

## کەرەسە مۆرفۆسینتاکسیەکانی پێکهاتەی ئاوەڵناو:

ئاوەڵناو کە وشەیەکەو هەڵگری واتای وەسفە، سیمایەکی تایبەتیی ناوێك یان جێناوێك دیاریدەکات، سێ پلە لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە :

١- بنجی : واتە بنجی یان فەرهەنگی وشە، وەك زیرەك، جوان ، بڵند

٢- بەراورد: بەراوردی تایبەتێتی هاوبەش لە نێوان دوو کەس / دوو شت ، زیرەکتر، جوانتر، بڵندتر.

٣- باڵای بەراورد: هەڵبژاردنی کەسێك/ شتێك لەناو کۆمەڵێکدا، کە تایبەتێتی هاوبەشییان هەیە، وەك زیرەکترین، جوانترین، بڵندترین..

پلەی یەکەم و دووەم لە هەردوو زارەکەدا وەك یەکن، واتە پلەی یەکەم هیچ کەرەسەیەکی مۆرفۆسینتاکسی وەرناگرێت، پلەی دووەم مۆرفیمی (تر) کۆتایی ئاوەڵناو دەگرێت. هەرچی پلەی باڵای بەراوردە لە (ك.ن) مۆرفیمی بەندی (ترین) وەك کەرەسەیەکی مۆرفۆسینتاکسی بەرهەمی دێنێت، بەڵام لە (ك.ژ)دا ئەم ئەرکە بە پێشناوێك و مۆرفیمێکی واتادار سپێرراوە بە واتایەکی تر فرەیزی پێشناوی (ژهەمیا، لە هەمووان) پێش ئاوەڵناوی بنجی دێت. ئەمەش بۆخۆی خاڵی جیاوازی نێوان ئەو دوو زارەیە. ئەگەرچی دیسان لە (ك.ن)وشەی (هەرە) پێش ئاوەڵناو دێت و ئەم ڕۆڵە دەبینێت.

| | |
|---|---|
| ئازاد زیرەکە | ئازاد زیرەکە |
| ئازاد لە نەوزاد زیرەکترە | ئازاد ژ نەوزادی زیرەکترە. |
| ئازاد زیرەکترین قوتابییە | ئازاد زیرەکترین قوتابییە<br>ئازاد ژ هەمی قوتابیا زیرەکترە |

| | |
|---|---|
| چیای ئەزمڕ بەرزە | چیایێ ئەزمڕێ بلندە |
| چیای پیرەمەگرون لە ئەزمڕ بەرزترە. | چیایێ پیرەمەگرونێ ژ ئەزمڕێ بلندترە. |

هەڵگورد بەرزترین لوتکەی چیاکانی کوردستانی باشوورە

هەڵگورد بەرزترین کومتی چیایێن کوردستانا باشوورە.

## پۆلی پێشناو:

پێشناو وەك پۆلێکی ڕێزمانی، کە پێش ناو یان جێناو یان فرەیزی ناوی دەکەون ڕێگە خۆشدەکەن بۆ هاتنەناوەوەی کەرەسەکانی دوای خۆیان و ڕێکخستنی پێوەندی نێوان ئەو کەرەسانەو کەرەسەکانی تری ڕستە، ئەم پۆلە بنجییە لە ك.ن دا بریتین لە (لە، بە ، بێ، بۆ، تا، ە ، وەك):

| پێشناو | ك.ژ | پێشناو | ك. ن |
|---|---|---|---|
| ژ | ئەز ژ تە دنڤیسم | لە | من لە تۆ دەنووسم |
| بـ | ئەز نامێ ب تە دنڤیسم | بە | من نامە بە تۆ دەنووسم |
| بۆ | ئەز نامێ بۆ تە دنڤیسم | بۆ | من نامە بۆ تۆ دەنووسم |
| بێ | ئەز نامێ بێ ئازادی نانڤیسم | بێ | من نامە بێ ئازاد نانووسم |
| بێ | ئەز نامێ بێ تە دنڤیسم | بێ | من نامە بێ تۆ دەنووسم |
| هەتا | هەتا ئازادی دنڤیسم | تا | تا ئازاد دەنووسم |
| وەکی | وەکی ئازادی دنڤیسم | وەك | وەك ئازاد دەنووسم |
| بۆ | دچم بۆ زانکۆیێ | بۆ | دەڕۆم بۆ زانکۆ |
| ە | دچمە زانکۆیێ | ە | دەڕۆمە زانکۆ |
| بۆ | چوم بۆ دهۆکێ | بۆ | ڕۆشتم بۆ دهۆك |
| ە | چومە دهۆکێ | ە | ڕۆشتمە دهۆك |

پێشناوەکان جگە لە (لە ← ژ )، (بە ← بـ )، ( تا ← هەتا )، (بێ بۆ، وەك، ە )

وەکیەکن . گۆڕینی بە، تا گۆڕینێکی فۆنۆلۆژیانەیە، تەنیا جیاوازی لە مۆرفیمەکانی (لە،ژ) دایە ، ئەمەش وەك دانەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆژیی هاوواتایی لێکدەدرێتەوە .

## کەرەسە مۆرفۆسینتاکسییەکانی پێکهاتەی فرەیزی کاریی

فرەیزی کاری، کە پێکهێنەرێکی سەرەکی ڕستەیە، خودی کار بنج و بنەمای ئەم پێکهاتەیەیە. تەنانەت لەگەڵ کاری ناتەواو یان بیهێزیشدا.

کار، کە وشەیەکە ڕوودان لەخۆدەگرێت، دەدرێتەپاڵ کەسێك لە کاتێکی دیاریکراودا بە واتا پێویستە فۆرمی کار، جگە لەواتای فەرهەنگی، ئاماژەی کەس و کاتی لەگەڵدابێت. ئەگەر بە مۆرفیمی سفریش بێت. هاوکات لەڕوانگەی هەستی قسەکەرەوە دەشێت کاری ڕستە چەمکی دڵنیایی یان دوودڵی یان فەرمان لەخۆ بگرێت، بە کردن یان بە نەکردن، بکەر دیار یان نادیار.

هەموو ئەم ئەرکانە لە (ك.ن)دا بە کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکان دەسپێررێن. لەکاتێکدا لەگەڵ (ك.ژ)دا لێکچوونی زۆرو جیاوازی کەم بەدی دەکرێت، وەك لە بڕگەکاندا تێبینی دەکرێت:

١- کات Tense

کار پەیوەستە بەکاتی ڕوودان، واتە ڕوودان پێش قسەکردن دەبێتە ڕابردوو، دوای قسەکردن دەبێتە ئێستاو ڕانەبردوو . لە زمانی کوردیدا نیشانەکانی کات مۆرفیم دەیانونوێنێن ، لە ڕابردووی بکەر دیاردا بریتین لە (ا، د، ت،و،ی) ، لە ڕانەبردوودا بریتین (مۆرفیمی سفر - Ø ) (وریا عمر ئەمین:١٩٩٢:٩٠)

لە بکەر نادیاردا بۆ ڕابردوو مۆرفیمی (ا)، ڕانەبردوو مۆرفیمی (ێ) (فەرەیدوون عەبدول محەمەد : ١٩٨٨:٨٣ ).

| (ك.ن) ڕابردووی تێپەڕ | مۆرفیمی کات | (ك.ژ) ڕابردووی تێپەڕ | مۆرفیمی کات |
|---|---|---|---|
| جوتیارەکە زەوییەکەی کێڵا | ا | جوتیاری زەڤی کێلا | ا |
| ئازاد کتێبەکەی برد. | د | ئازادی ئەو کتێب بر. | Ø |
| منداڵەکە گوڵدانەکەی خست | ت | زارۆکی ئەو گوڵدان ئێخست | ت |
| نەسرین کتێبێکی کڕی. | ی | نەسرینێ کتێبەك کڕی. | ی |
| ئەڤین کراسێکی دروو. | و | ئەڤینێ کراسەك دروی | |

| مۆرفیمی کات | (ك.ژ) ڕانەبردووی تێپەڕ | مۆرفیمی کات | (ك.ن) ڕانەبردووی تێپەڕ |
|---|---|---|---|
| Ø | جوتیار زەڤی دکێڵیت | Ø | جونیارەکە زەوییەکە دەکێڵێت |
| Ø | نەسرین کتێبەکی دکرپیت.(دکرە) | Ø | نەسرین کتێبێك دەکرێت |
| Ø | زارۆك گوڵدانیٚ دئێخیت.(د ئێخە) | Ø | منداڵەکە گوڵدانەکە دەخات |

| مۆرفیمی کات | (ك.ژ) ڕابردووی تێنپەڕ | مۆرفیمی کات | (ك.ن) ڕبردووی تێنپەڕ |
|---|---|---|---|
| ا | زارۆك گریا | ا | منداڵەکە گریا. |
| Ø | نەساخ مر | د | نەخۆشەکە مرد. |
| ت | ئەو زەلام کەت | ت | پیاوەکە کەوت |
| و | کەو چو | و | کەوەکەچوو |
| ا<br>و | ترومبیل چەقیا<br>ترومبیل ئاسیٚ بوو | ی | ئوتومبیلەکە چەقی |

| مۆرفیمی کات | (ك.ژ) ڕانەبردووی تێنەپەڕ | مۆرفیمی کات | (ك.ن) ڕانەبردووی تێنەپەڕ |
|---|---|---|---|
| Ø | زارۆك دگری | Ø | منداڵەکە دەگری |
| Ø | زارۆك دنڤیت | Ø | منداڵەکە دەخەوێت |
| Ø<br>Ø | ترومبیل دچەقیت<br>ترومبیل ئاسیٚ دبیت | Ø | ئوتومبیلەکە دەچەقێت |

| مۆرفیمی کات | (ك.ژ) ڕابردووی بکەر نادیار | مۆرفیمی کات | (ك.ن) ڕابردووی بکەرنادیار |
|---|---|---|---|
| ت | زارۆك هاتە نڤاندن | ا | منداڵەکە خەوێنرا |
| ت | نەمام هاتە چاندن | ا | نەمامەکە نێژرا |

| مۆرفیمی کات | (ك.ژ) ڕانەبردووی بکەر نادیار | مۆرفیمی کات | (ك.ن) ڕانەبردووی بکەرنادیار |
|---|---|---|---|
| Ø | زارۆك دهێتە نڤاندن | یٚ | منداڵەکە دەخەوێنریٚ |
| Ø | نەمام دهێتە چاندن | یٚ | نەمامەکە دەنێژریٚ |

له بەراورد کردنی نموونەکاندا، ڕاستییەك بەرجەستەدەبێت، کە :

١- مۆرفیمی کاتی ڕابردووی بکەردیار لە هەردوو زاردا هاوبەشن لە (ا، ت، و،ی)دا، مۆرفیمی (د) ی (ك.ن) لە ژووروودا دەرناکەوێت.
٢- مۆرفیمی کاتی ڕانەبردووی بکەردیار، لە هەردوو زاردا بە مۆرفیمی سفر ئاماژەی بۆ دەکرێت.
٣- لە ڕابردووی بکەرنادیاردا، لە ك.ن (ا)مۆرفیمی کاتە، بەلاّم لە ك.ژ دا (ت) وەك کاتی ڕابردووی فۆڕمی هات ئەو ڕۆڵە دەبینێت.
٤- لە ڕانەبردووی بکەر نادیاری ك.ن دا (ێ) مۆرفیمی کاتە، لە کاتێکدا لە ك.ژ دا بە مۆرفیمی سفر ئاماژەی بۆ دەکرێت . (( کە دەشێت (ێ) ی دهێ ... ئەو ڕۆڵە ببینێت)).

لێرەدا بە پێویست دەزانرێت، کە بەراوردێك لە ڕووی دەمکاتەوەبکرێت. مەبەست لە دەمکات وردکردنەوەی کاتی کارە بە تایبەت کاتی ڕابردوو، کە دەبێتە ڕابرووی ڕەها/ ڕووت، ڕابردووی بەردەوام ، ڕابردووی تەواو، ڕابردووی دوور، کە لە ڕێگەی کەرەسەی مۆرفۆسینتاکسییەوە بەرجەستەدەبێت.
کاتی ڕانەبردوو لە ك.ن دا یەك فۆڕمی هەیە و لە ك.ژ دا ئایندە فۆڕمی جیاوازی هەیە.
وەك لە نموونەکاندا تێبینی دەکرێت:

| | |
|---|---|
| پاوەنەکە سووتا. | (ئەو) پاوان سۆت |
| پاوەنەکە دەسووتا. دە.... | (ئەو) پاوان دسۆت. د... |
| پاوەنەکە سووتاوە ....ەوە | (ئەو) پاوان سۆتیە. ...یە |
| پاوەنەکە سووتابوو. | (ئەو) پاوان سۆتبوو. |

| | |
|---|---|
| پاوەنەکە دەسووتێت. | پاوان دسۆژیت. ( پاوان یێ دسۆژیت) |
| پاوەنەکە سووتێنرا. | پاوان هاتە سۆتن/ سۆتاندن. |
| پاوەنەکە دەسووتێنرا. | پاوان دهاتە سۆتن / سۆتاندن |
| پاوەنەکە سوتێنراوە. | پاوان هاتیە سۆتن / سۆتاندن . |
| پاوەنەکە سووتێنرابوو. | پاوان هاتبوو سۆتن/ سۆتاندن . |
| پاوەنەکە دەسووتێنرێت. | پاوان یێ دهێتە سۆتن/ سۆتاندن . |

نموونەکان ئەوە دەخەنەڕوو، کە ڕابردووی ڕەها هیچ مۆرفیمێکی نەچۆتە سەر لە ڕابردووی بەردەوام و ڕانەبردوودا مۆرفیمی (دە) پێش ڕەگی کار دەگرێت و سەرەتاو دەستپێکردن دەنوێنێت. لە ڕابردووی تەواودا مۆرفیمی (وە) دوای مۆرفیمی (ا) ی کات دێت و مانەوەی کاریگەری کارەکە نیشان دەدات، بەلاّم لە ڕابردووی دووردا (بوو) وەك مۆرفیمێکی سەربەخۆ – کاری یاریدەدەر- هاوبەشی پێکهاتەکە دەکات.

گۆڕین بۆ نادیاری لە ناوڕاست دا بە (ر) ی مۆرفۆسینتاکس سپێرراوە، بەلاّم لە ژووروودا بە کاری یاریدەدەر – هات ، دهێ- و گۆڕینی کاری ڕستە بۆ چاوگ دەبێت و بەستنەوشیان لە ڕێی مۆرفیمی (ە)ی پێشناوییەوە دەبێت.

هاوکات لە ك.ژ دا وەك لە بەراوردی نموونەکاندا بەدی دەکرێت- مۆرفیمەکانی (ا، ت،و،ی، Ø ) کاتی ڕابردوو دەنوێنێت [۳] . لە ڕانەبردوودا دیسان مۆرفیمی کات لە ڕەگی کاردا تواوەتەوە، واتە مۆرفیمی سفرە، ئەوەی جێی سەرنجە لە چاوگەکانی برن ، بردن ،کرن، کردن، خوارن، خواردن .... لە ڕابردوودا دیسان بە مۆرفیمی سفر ئاماژەی بۆ دەکرێت.

لە ڕوانگەی دەمکاتەوە ، کە ئەسپێکتەکان ڕۆڵی تێدا دەبینن، ئەم گۆڕینە ڕوودەدات:

دە ←—— د        وو/و ←—— یە

هاوکات لە ڕانەبردوودا (دە) دەبێتە ﹤ د / دێ ﹥ بۆ ئێستاو ئایندە

هاوکات ئەسپێکتی (دێ) پێش جێناو و نیشانەو توخم و ڕەگی کارەوەدێت، واتە ڕەگی کار دوور دەکەوێتەوە، بە پێچەوانەی (دە) ی ڕانەبردوو، کە هەمیشە پێش ڕەگی کار دێت.

لە کاتێکدا لە ڕابردووی تێپەڕدا - ڕابردووی بەردەوام- جێناوەلکاوەکانی کۆمەڵەی ( م- مان) وەك نیشانەی بکەر ، بەرکار دەچنە نێوان ئەسپێکتی (دە)و ڕەگی کارەوە، وەك لە نموونەکاندا ڕەچاودەکرێت:

ئەز دێ ئەڤێ کتێبێ کرم. (دێ کر ..) بڕوانە ( ڤیان : ۲۷:۲۰۰۱)

ئەم کتێبە دەکرم.

من نانەکەم دەخوارد. من نان دخار .

من ئەو نان دخار .

من ئێوە دەبینم. من وە دبینم.

له بەراوردی نموونەی نادیاری دا، پێکهاتەی نادیار له ك.خ دا بریتییه له :

ا – ڕابردوو +جێناوی لکاوی

بەرکاری

ده + ڕەگی کار + ر( مۆرفیمی نادیاری) + مۆرفیمی کات

ێ-ڕانەبردوو+ جێناوی لکاوی

بەرکاری

له ك . ژ دا پێکهاته بریتییه له :

د +هات + جێناوی لکاوی بەرکاری + ه + چاوگ .   بۆ  ڕابردوو

د+ هێ + جێناوی لکاوی بەرکاری + ه + چاوگ .   بۆ   ڕانەبردوو

| | |
|---|---|
| (من)  بینرام | ئەز هاتمه دیتن |
| (ئێمه) دەبینراین | ئەم دهاتینه دیتن |
| دەبینرێم | ئەز دهێمه دیتن |
| دەبینرێین | ئەم دهێینه دیتن |

خاڵی لێکچوونی ئەم فۆڕمانه بوونی ئەسپێکتەکانی (ده – د) و جێناوەلکاوەکانی (م- ین) دوای مۆرفیمی کات دێت له ڕانەبردووی ك.ژ دا کات سفره.

جیاوازی پێکهاتەکان لەوەدایه:

گۆڕین بۆ نادیاری له ك.ن دا به مۆرفیمی (ر) ی مۆرفۆسینتاکس سپێرراوه، بەڵام له ك.ژ بەکاری یاریدەدەر (هات – دهێ) و گۆڕینی کاری ڕسته بۆ چاوگ و بەستنەوەشیان له ڕێی مۆرفیمی (ه)ی پێشناوییەوه دەبێت.

## مۆرفیمی کەس له پێکهاتەی کاردا

وەك ئاماژەی بۆ کرا کار دەدرێته پاڵ کەسێك، کەسی ڕێزمانی یەکەم، دووەم، سێیەم، خودی کەسەکان جێناوەکان دەیان نوێنن.

له ك.ن دا جێناوی کەسی لکاو ئەو ڕۆڵه دەبینێت، که کۆمەڵەکانی (م-مان ، ت – تان، ی – یان) و (م-ین ، یت – ن ، ات/ێت/ Ø – ن)

له ك.ژدا ( ئەز- ئەم ، تو- هوون، ئەو- ئەو ) (م- ین، ی-ن ، Ø /ت/ەت —ن )

(من — مه ، ته — وه ، وی/وێ — وان ). (بڕوانه وریا عمر ئەمین: ٢٠٠١: ٥٠ )

له ك . ن دا هەردوو كۆمەڵەی (م-مان) و (م —ین) ڕۆڵی ڕێكەوتن له نێوان بكەرو كاردا دەبینن، كۆمەڵی (م — مان) لەگەڵ ڕابردووی تێپەڕدا و كۆمەڵی (م —ین) لەگەڵ ڕانەبردووی تێپەڕو ڕابردوو، ڕانەبردووی تێنەپەڕدا.

له كاتێكدا له ك.ژ دا ڕێكەوتن دەشێت له نێوان بكەرو كاردا بێت، ئەركی ڕێكەوتنیش به كۆمەڵی جودای (ئەز — ئەم )و لكاوی ( م — ین) ئەنجام دەدرێت.

له ڕابردووی تێپەڕدا ڕێكەوتن له نێوان بەركارو كاردا دەبێت و ئەم جۆره له ڕێكەوتن به ( Ergative) ئاماژەی بۆ دەكرێت. (وریا عمر ئەمین : ٢٠٠٤: ١٦٤)

هاوكات ڕێكەوتن (Agreement)له ڕانەبردووی تێپەڕو ڕابردوو، ڕانەبردووی تێنەپەڕدا له نێوان بكەرو كاردا بەرجەسته دەبێت، وەك له نموونەكاندا ڕووندەكرێنەوە:

| ك.ن | | ك.ژ | |
|---|---|---|---|
| من نامه دەنووسم | م | ئەز نامەی دنڤیسم | م |
| ئێمه نامه دەنووسین | ین | ئەم نامەی دنڤیسین | ین |
| تۆ نامه دەنووسیت | یت | تو نامەی دنڤیسی | ی |
| ئێوه نامه دەنووسن | ن | هوون/هوین نامەی دنڤیسن | ن |
| ئەو نامه دەنووسێت | ێت | ئەو نامەی دنڤیست/دنڤیسه/ت | ە،یت،ت |
| ئەوان نامه دەنووسن | ن | ئەو نامەی دنڤیسن | ن |

| ك.ن | | ك.ژ | |
|---|---|---|---|
| من خەوتم | م | ئەز نڤستم | م |
| ئێمه خەوتین | ین | ئەم نڤستین | ین |
| تۆ خەوتیت | یت | تو نڤستی | ی |
| ئێوه خەوتن | ن | هوون نڤستن | ن |
| ئەو خەوت | Ø | ئەو نڤست | Ø |
| ئەوان خەوتن | ن | ئەو نڤستن | ن |

| ك.ژ | | ك.ن | |
|---|---|---|---|
| م | ئەز دنڤم | م | من دەخەوم |
| ین | ئەم دنڤین | ین | ئێمە دەخەوین |
| ی | تو دنڤی | یت | تۆ دەخەویت |
| ن | هوون/ هوین دنڤن | ن | ئێوە دەخەون |
| ەت | ئەو دنڤەت | ێت | ئەو دەخەوێت |
| ن | ئەو دنڤن | ن | ئەوان دەخەون |

له بەراوردكردنی جێناوەكانی هەردوو زارەكەدا، ئەو ڕاستییە بەرجەستەدەبێت كە لێكچوون لە گەردان كردنی كاری ڕانەبردووی تێپەڕو ڕانەبردوو، ڕابردووی تێنەپەڕدا خاڵی هاوبەشە، بە واتایەكی تر كۆمەڵەی (م —ین) كە ڕێكەوتن لە نێوان بكەرو كاردا دەسازێنێت یەك كۆمەڵەیە، گەر جیاوازیەك لە تاكی دووەم و سێیەمدا هەبێت، جیاوازییەكی فۆنۆلۆژییەو بە ئەلۆمۆرف چارەسەر دەكرێت.

هەرچی كۆمەڵەی (م — مان ) لەگەڵ كۆمەڵەی ( من — مە) ، ئەركی خاوەنێتی لە پێكهاتەی فرەیزی ناویدا بەرجەستە دەكەن، هێمای كەسی بكەر لە (ك.ن)و كەسی بكەرو بەركار لە (ك.ژ)دا دەنوێنن، ئەگەرچی لە هەردوو زارەكەدا لەگەڵ ڕابردووی تێپەڕدا دێن، ئەوەندە هەیە كە لە (ك.ن)دا جێگۆڕكێ دەكات بەڵام لە (ك.ژ) شوێن چەسپاوە.

## ڕێكەوتن لە بكەر نادیاردا:

ئاسایی بكەر نادیار، پەیوەستە بە كاری تێپەڕەوە، بەواتا بەركاری كاری تێپەڕ جێگەی فرەیزی ناوی بكەری دەگرێت. لە بكەردیاری كرمانجیی ناوڕاستدا كۆمەڵەی ( م — مان ) و لە (ك.ژ)دا كۆمەڵەی ( م — ین) ڕۆڵی ڕێكەوتن دەبینن، بەڵام لە بكەرنادیاردا جێناوی لكاوی بەركاری كۆتایی مۆرفیمی كات دەگرێت، واتە ڕێكەوتن لە نێوان بەركارو كاردا بەرجەستە دەبێت، ئەركی ڕێكەوتن بە كۆمەڵەی ( م — ین) ئەنجام دەدرێت، لە ڕابردوو، ڕانەبردووی بكەر نادیاردا، هاوكات لە (ك.ژ)دا ئەم ئەركە بە هەمان كۆمەڵە دەسپێررێت، وەك لە نموونەكاندا ڕەچاو دەكرێت:

| | | |
|---|---|---|
| كاروان منی بینی. | من بینرام | ئەز هاتمە دیتن |
| كاروان ئێمەی بینی | ئێمە بینراین | ئەم هاتینە دیتن |
| | من دەبینرێم | ئەز دهێمە دیتن |
| | ئێمە دەبینرێین | ئەم دهێینە دیتن |

## ڕووکـــــــار [٤]

کار، کە بنجی سەرەکی پێکهاتەی ڕستەیە، چەمکەکانی دڵنیایی و دوودڵی و حەزو خۆزگەو داخوازی و فەرمان لەخۆدەگرێت و هەریەك لەم چەمکانە لە ڕێگەی نیشانەکانیانەوە لە پێکهاتەی کاردا بەرجەستە دەبن، بەواتا فۆرمی دەربڕراوی کارەکان جیاوازن، جیاوازیشیان لە مۆرفیمە ڕێزمانییە بەشداربووەکانی فۆڕمی کاردایە بە کردن یان نەکردن.

بە واتایەکی تر فۆڕمەجیاوازەکان ڕەنگدانەوەی هەستی قسەکەرن و ئەم ئەرکەش لەسێ چەمکدا بەدی دەکرێت:

١- هەواڵە ڕووکار: چەمکی دڵنیایی دەنوێنێت – ڕاست یان درۆ – لە ڕستەیەکی هەواڵدەر یان پرسیار دا بێت ، وەك :

| | |
|---|---|
| ئازاد کەی دێت ؟ | ئازاد کەنگی دهێت ؟ |
| ئازاد بەیانی دێت. | ئازاد سبەهی دهێت. |
| کێ نامەکەی نووسی؟ | کێ نامە نڤیسی؟ |
| ڕزگار نامەکەی نووسی. | ڕزگاری ئەو نامە نڤیسی. |
| ئازاد نامەکەی نەنووسی. | ئازادی ئەو نامە نەنڤیسی. |
| کتێبەکە فرۆشرا. | ئەو کتێب هاتە فرۆتن. |
| خانووەکە نافرۆشرێت | ئەو خانی ناهێتە فرۆتن. |

لە بەراوردی نموونەکاندا تێبینی ئەوە دەکرێت، پێکهاتەی فۆڕمی کار وەك یەکن تەنانەت لە کردن و نەکردنیشدا، بۆ ڕابردوو و بۆ ڕانەبردوو.

٢- خۆزگەو مەرج و دانانەڕووکار:

ئەم سێ چەمکە یەك فۆڕمیان هەیە، بە واتا حەزوئارەزوو، مەرجی ڕوودانی کارو وادانان و چاوەڕوانکردن، لە کردندا، بەپێی دەمکاتەکان ئەم فۆڕمانەی دەبێت :

| | ك.ن | کەرەستەی مۆرفۆسینتاکس | ك.ژ | کەرەستەی مۆرفۆسینتاکس |
|---|---|---|---|---|
| ڕابردووی ڕووت | ڕۆشتبام | با | چوبام | با |
| ڕابردووی بەردەوام | بڕۆشتبام/بڕۆشتمایە | ب...با/ب..ایە | بچوبام | ب..با |
| ڕابردووی تەواو | ڕۆشتبم/ڕۆشتبێتم | بـ / بێت | چوبم/چوبیتم | بـ / بیت |
| ڕابردووی دوور | ڕۆشتبوومایە | بوو... ایە | چوبووبام | بوو... با |
| ڕانەبردوو | بڕۆم | بـ | بچم | بـ |

حەزم دەكر بڕۆشتمایە.                    من حەز دكر ئەز بچوبام

(خۆزگە)

گەر زوو بڕۆشتمایە فریا دەكەوتم.                    ئەگەر زوی بچوبام دا[5] ڤێ ڕاگەهەم.

(مەرج)

ئەگەر بڕۆشتبام تۆ دەتزانی.                    ئەگەر ئەز بچوبام دا تو زانی.

(دانانی)

حەز دەكەم بڕۆم.                    ئەز حەز دكەم بچم.

گەر زوو بڕۆم فریادەكەوم                    ئەز گەر زوی بچم داڤێ ڕاگەهەم.

ئەگەر بڕۆم دەیزانیت.                    ئەگەر ئەز بچم تو دێ زانی.

لە نەكردندا (بـ ) دەگۆڕێت بۆ نە/نـ وەك لە نموونەكاندا بەدی دەكرێت:

حەزم دەكرد نەڕۆشتمایە                    من حەز دكر ئەز نەچوبام

حەز دەكەم نەڕۆم                    ئەز حەز دكەم نەچم.

هەوڵ نەدەیت، دەرناچیت.                    بزاڤێ نەكەی، تو دەرناچی .

نازانم بڕۆم، نەڕۆم.                    ئەز نزانم بچم ، نەچم.

گەر كتێبەكە بفرۆشرایە، دەمكڕی.                    ئەگەر ئەو كتێب بهاتبا فرۆتن، من دكڕی.

كتێبەكە بفرۆشرێت، دەیكڕم.                    ئەو كتێب بهێتە فرۆتن ، ئەز وی دكڕم.

نموونەكان ئەوەدەخەنەڕوو، كە كەرەسە مۆرفۆسینتاكسییەكانی پێكهێنەری ئەم ڕووكارە، لە هەردوو زارەكەدا یەكن و یەك بنجیان هەیە، ئەو جیاوازییەی بەدی دەكرێت، كاریگەریی ناوچەییە، بۆ نموونە ب....ایە زۆرتر لە سلێمانیدا بەكاردێت، كە بەرامبەر ب.... با دەوەستێتەوە.

## گۆڕینی توانای كار:

كار، كە لەڕووی توانا/ هێزەوە دەبێتە تێپەڕو تێنەپەڕ، تێپەڕ، كە دوو بۆشایی پێش خۆی پڕدەكاتەوە، كە بكەرو بەركارن، بەبەهێز ئاماژەی بۆ دەكرێت، هاوكات كاری تێنەپەڕ تەنیا داوای بكەر دەكات، بۆ گۆڕینی بە تێپەڕ پێویستی بە كەرەسەی مۆرفۆسینتاكسە.

گەر لە ڕوانگەی چاوگەوە بڕوانینە ئەم گۆڕینە مۆرفیمی (اندن) دەچێتە سەر ڕەگی كار وەك :

سووتان+ ئاندن ←—— سووتاندن

لێرەدا (ن) نیشانەی چاوگەو (د) مۆرفیمی کاتی ڕابردووە. هەرچی (ان)ە وەك مۆرفیمێك کۆتایی ڕەگ دەگرێت و ڕۆڵی گۆڕینی تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ دەبینێت و لە ڕانەبردوودا (ا) دەگۆڕێت بۆ (ێ) ئەمەش بە کردەیەکی فۆنۆلۆژیانە ئەژماردەکرێت، چونکە هەموو مۆرفیمێکی (ا) لە چاوگدا دەبێتە (ێ) لە کاری ڕانەبردوودا. ( ابوبکر عمر : ٢٠٠٣: ٧٩ )

خەوتن خەواندن نڤاندن

منداڵەکە خەوت ئەو زارۆك نڤست.

دایکەکە منداڵەکەی خەواند. ڤێ دایکێ زارۆك نڤاند.

دایکەکە منداڵەکە دەخەوێنێت. ئەو دایك → زارۆکێ / زارۆکی دنڤینیت.

شووشەکە شکا. شیشە شکا/ شکست.

منداڵەکە شووشەکەی شکاند. ڤی زارۆکێ شیشە شکاند.

لەتێڕوانینی کاری ڕستەی هەردوو زارو بەرامبەرکردنیان، ئەوە دەردەکەوێت فۆڕمی پێکهاتەی کاری گۆڕراو وەك یەکن، پێکهاتەی ڕابردوو بریتییە لە:

ڕەگ + ان + د

مۆرفیمی ڕیشەیی + مۆرفیمی گۆڕین + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو

پێکهاتەی ڕانەبردوو بریتییە لە:

ڕەگ + ێن/ ین + کەس

م. ڕیشەیی + م. گۆڕین + جێناوی لکاو

## ئــەنجام

دوای بەراوردی کردە ڕێزمانییەکانی هەردوو زاری کرمانجیی ناوەڕاست و کرمانجیی ژوروو ئەم خاڵانە بەرجەستەدەبن:

١- کردەی ناسراوکردنی ناو، لە هەردوو زارەکەدا لە ڕێی جێناوی نیشانەوە دەبێت، ئەگەرچی لە ك.ن دا، مۆرفیمی (ەکە) مۆرفیمی سەرەکی ناسراوکردنە.

٢- کردەی نەناسراوکردن، وەك دیاردەیەکی زمانی لە هەردوو زاردا پشت بەستووە بە مۆرفیمی ڕێزمانی (ێك/ەك) کە کۆتایی ناو دەگرێت.

٣- مۆرفیمی سەرەكی كۆی ناو لە هەردوو زارەكەدا، مۆرفیمی (ان)ە هاوكات مۆرفیمەكانی (ێن، ێت، ێد) لە ك.ژ دا لە دۆخی بەستنەوەدا ڕۆڵی كۆ دەبینن.

٤- لە فراوانكردنی فرەیزی ناویدا، مۆرفیمەكانی خستەپاڵ لە ك.ن دا (ی، ە) یە دوور لە توخم و دۆخ، بەڵام لە ك.ژدا مۆرفیمی (ا ، ێ)یە (ێ) بۆ تاكی نێر (ا) بۆ تاكی مێ و (ێن، ێت ، ێد) بۆ كۆی هەردووكیان.

٥- لە ك.ن دا لە نێوان جێناوی نیشانەی دیاریكار و دەرخراودا هیچ مۆرفیمێكی ڕێزمانی نایەت، بەڵام لە ك. ژدا مۆرفیمی (ی) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ بەدوای جێناوی نیشانەدا دێت، كە مۆرفیمی دۆخی ڕێزمانییەو هەروەكو ناوەكەی دوای خۆی وەریدەگرێت.

٦- خستنەڕووی پلەكانی ئاوەڵناو لە ڕێگەی كەرەسەی مۆرفۆسینتاكسی (تر – ترین)ەوە دەبێت، لە ك. ژ دا پلەی باڵای بەراورد كە فۆڕمی (ژ هەمی +ناو)ە، گۆڕین بە ئاڕاستەی (ترین)ە.

٧- پێشناوە بنجییەكانی هەردوو زارەكە، وەك یەكن جگە لە (لە=ژ/ د، بە = بـ ).

٨- مۆرفیمی كاتی ڕابردوو لە هەردوو زارەكەدا بریتین لە (ا، د، ت ، و ، ی). ئەوەندە هەیە مۆرفیمی (د) لە گۆڕرینی تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ دەردەكەوێت، هاوكات مۆرفیمی كاتی ڕانەبردوو، لە هەردوو زاردا مۆرفیمی سفرە. دیسان وردكردنەوەی كات – دەمكات- ئەسپێكتەكانی (دە ، وە) دیارییان دەكەن و دەبنە ( د، یە ) لە ك . ژ دا .

٩- مۆرفیمی كەس لە پێكهاتەی كاردا – هەواڵەڕووكارو دانانەڕووكار- جێناوە لكاوەكان دەینوێنن، لە ك. ن دا دوو كۆمەڵ جێناوی كەسی لكاو ڕێكەوتن لە نێوان بكەرو كاردا بەرجەستەدەكەن، كە بریتین لە كۆمەڵەی ( م – مان ، ت – تان ، ی – یان) لەگەڵ كاری ڕابردووی تێپەڕ. دووەم ( م- ین ، یت – ن ، ات/ ێت / Ø - ن ) لەگەڵ كاری ڕانەبردووی تێپەڕو ڕابردوو، ڕانەبردووی تێنەپەڕدا دێن. هاوكات لە ك. ژدا دوو جۆر ڕێكەوتن هەیە، ڕێكەوتنی بكەرو كار (Agreement) ، ڕێكەوتنی بەركارو كار (Ergative). ئەركی ڕێكەوتن لە هەردوو جۆرەكەدا بە كۆمەڵەی (م- ین) سپێرراوە، كە تاكە كۆمەڵەی لكاوی كرمانجیی ژووروەوە. لە كاتێكدا كۆمەڵەی جودای ( من- مە ، تە- وە ، وی/وێ – وان ) جگە لەوەی ڕۆڵی بكەرو بەركار دەبینێت، ڕۆڵی خاوەنێتیش دەبینێت. لەم ئەركەدا بەرامبەر بە كۆمەڵەی (م- مان) دەوەستێتەوە. خاڵێكی تری هاوبەش لە نێوان كۆمەڵەی ( م- مان) و ( من – مە) هاتنیانە لەگەڵ كاری ڕابردووی تێپەڕو هاو ئەركییانە لە ڕۆڵی بەركاری ڕانەبردووی تێپەڕدا. مۆرفیمی كەس لە فەرمانە ڕووكاری هەرودوو زارەكەدا یەكن، مۆرفیمی (ە) بۆ تاك و مۆرفیمی ( ن) بۆ كۆ یە .

١٠- كردەی بكەر نادیار لە ك. ن دا ، لە ڕێگەی كەرەسەی مۆرفۆسینتاكسی (ر) ئەنجام دەدرێت و بەدوایدا، مۆرفیمەكانی كات ( ا ، ێ) دێت، بەڵام لە ك.ژ دا ئەم كردەیە بە هێنانی كاری یاریدەدەری (هات) بۆ ڕابردوو (دهێ) بۆ ڕانەبردوو. بە دوایاندا مۆرفیمی كەسی بەركار و پێشناوی (ە) و گۆڕینی كار بۆ چاوگ ئەنجام دەدرێت.

١١- كەرەسە مۆرفۆسینتاكسییەكانی ڕووكارەكان دیسان وەك یەكن :

بۆ نموونە :

ا) لە هەواڵە ڕووکاردا :   دێت ⟵ دهێت

فرۆشت ⟵ فرۆت

نەنووسی ⟵ نەنڤیسی   {پێکهاتەکان وەك یەکن}

دەچم ⟵ دچم

دێ چم

ب) لە خۆزگەو مەرج و دانانەڕووکاردا:

کەرەسەمۆرفۆسینتاکسییەکانی پێکهاتەکان یەکن، کە بریتین لە:

با ، بـ ... با/ بـ .. ایە ،   بـ / ێت ، بووبا / بوایە ، ب

پ) لە فەرمانەڕووکاردا (بـ ) مۆرفیمی پێش ڕەگی کارەکانە.

ئەم خاڵانە ڕاستییەك دەخەنەڕوو، کە کەرەسە مۆرفۆسینتاکسییەکان ئەم دوو زارە یەکن و بناغەی ڕێزمانییان یەکەو جیاوازی بە زۆری لە فەرهەنگ و فۆنەتیکدا دێتەئاراوە.

## پوختەی کار

ئەم باسە تایبەتە بە بەراوردی کەرەسە مۆرفۆسینتاکسییەکانی زارەکانی کرمانجیی ناوەڕاست و کرمانجیی ژووروو، بەواتا ئەو مۆرفیمە ڕێزمانییانەی بەشداریی پێکهاتەی فرەیزو ڕستە دەکەن و بارە جیاوازەکانی وشە فەرهەنگییەکانی پێکهاتەی ڕستە دەرەخسێنن.

بوونی زار لە زمانە جیاجیاکاندا دیاردەیەکی سروشتییە، ئەگەرچی هیچ زارێك نابێتە زارێکی سروشتی، بەڵکو جیاوازی ناوچەو کۆمەڵ، جیاوازی دەربرین دێنێتە ئاراوە، لەم ڕوانگەیەوە بەراوردی دەربڕین لە دوو دەڤەری جیاواز – کرمانجیی ناوەڕاست و کرمانجیی ژووروو کراوە، بە پێی پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ڕستە، کە خۆی لە فرەیزی ناوی و فرەیزی کاریدا دەبینێتەوە.

بنجی فرەیزی ناوی ناوێك یان جێناوێکە، باری ناو لە ڕوانگەکانی ناسراوی و نەناسراوی، تاك و کۆ، خستنەپاڵ و بانگهێشتن، بە مۆرفیمە ڕێزمانییە وشەگۆڕەکان سپێرراوە.

لەبەراوردی ئەم پێکهاتەیەدا، خاڵی جیاوازی ئەم دوو زارە لە بواری ناسراوکردندا بەرجەستە دەبێت، کاتێك لە کرمانجیی ناوڕاستدا مۆرفیمی (ەکە) ڕۆڵی سەرەکی ناسراوکردن دەبینێت، ئەم مۆرفیمە لە کرمانجیی ژووروودا بوونی نییە، بەڵکو ئەم دیاردەیە لەڕێی جێناوی نیشانەو خستنەپاڵەوە بەرجەستەدەبێت. هاوکات کردەی کۆ لە هەردوو زارەکەدا بە گشتی بە مۆرفیمی (ان) سپێرراوە، لە دۆخی ڕاستەوخۆی ك.ژ دا ئەم مۆرفیمە دەرناکەوێت. لە کردەی خستنەپاڵدا ك . ن مۆرفیمەکانی ( ی ، ە) بێ جیاوازی نێرومێ پێڕەودەکات، بەڵام لە ك.ژ دا مۆرفیمی (ێ) بۆ تاکی نێرو (ا ) بۆ تاکی مێ و مۆرفیمەکانی (ێن، ێد، ێت) بۆ کۆی هەردوو ڕەگەز بەکاردێن. هەر لە چوارچێوەی فرەیزی ناویدا بەراوردی مۆرفیمەکانی بانگهێشت و پێکهاتەی فرەیزی پێشناوی و پلەکانی ئاوەڵناو کراوە، کە تاڕادەیەکی زۆر وەك یەکییان پێوەدیارە.

لە بەراوردی فرەیزی کاریدا، مۆرفیمەکانی کات و کەس و ڕێکەوتن لە نێوان بکەرو کارو بەرکارو کاردا خراوەتەڕوو، هاوکات بەراوردی مۆرفیمە بەشداربووەکانی کاری بکەردیارو بکەرنادیار کراوە ، بە نموونەوە

ڕووكارەكانی / ڕێژەكانی كار خراوەتەڕوو، وێڕای گۆڕینی كاری تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ، لە ئەنجامی ئەم بەراوردەدا جیاوازیو لێكچوونی كەرەسە مۆرفۆسینتاكسییەكان تۆمار كراوە ، دوا خاڵ ئەوە خراوەتەڕوو كە ئەم دوو زارە خاوەنی یەك بنجی ڕێزمانین بەیەكبوونی زۆرینەی مۆرفیمە ڕێزمانییەكان، هەرچی جیاوازییەكانیشە بە زۆری لە ئاستی فەرهەنگ و فۆنەتیكدا بەرجەستە دەبن، نەك یاسا هەڵگیراوەكانی مێشكی قسەپێكەرانی زمانەكە.

لە كۆتاییدا هیوادارین توانیبێتمان ڕوونكردنەوەی پێویستمان بۆ لایەنەئاڵۆزەكانی ئەم دوو زارە خستبێتەڕوو، تا خوێنەری هەردوو زار لە تێگەشتنندا بێ گرفت بن.

## ملخص البحث

يتناول هذا البحث المقارنة بين المورفيمات القواعدية (Inflectional Morphemes) في لهجتي الكرمانجية الوسطى و الشمالية للغة الكوردية. حيث يقصد بالمورفيمات القواعدية تلك المورفيمات المقيدة التي تشارك في بناء العبارات و الجمل و التي تجسد الحالات النحوية للكلمات المعجمية في بناء الجمل.

إن ظاهرة وجود اللهجات في اللغات المختلفة ظاهرة طبيعية، و ليست هناك ما تسمى بلهجة طبيعية، فالإختلاف الجغرافي و الإجتماعي و حتى الثقافي يؤدي الى التباين و التعبير اللغوي المغاير، مما تستوجب المقارنة بين مكونات الجمل من خلال العبارة الإسمية و الفعلية.

شملت هذه الدراسة ومن خلال هذا التوجه مقارنة العبارات الإسمية و الفعلية للهجتي الكرمانجية الوسطى و الشمالية، لتجسيد دور المورفيمات النحوية لإبراز الوحدة و التشابه و التباين في تلك المورفيمات .

من الجدير بالذكر أن الاسم هو مكون الأساس في العبارة الاسمية، لذا فأن حالات المعرفة و النكرة ، المفرد و الجمع... قد وكلت الى المورفيمات القواعدية الخاصة بهذه الحالات، لتجسيد دور الاسم و حالته في بناء الجملة، وعند مقارنة الحالات تبين بأن المورفيمات المقيدة مشابهة الى حد كبير في اللهجتين، و أبرز وجوه التباين يتجسد في مورفيم (ه كه ) الخاص بالتعريف في الكرمانجية الوسطى و عدمه في الكرمانجية الشمالية، و كذلك هناك تباين في جمع الاسماء مع مشاركة اللهجتين في مورفيم (ان) الاساسي لهذه العملية، إلا أن هذا المورفيم لم يظهر في الحالة الاعرابية المباشرة للإسم في الكرمانجية الشمالية. و هناك إختلاف آخر وهي استعانة الكرمانجية الوسطى بـ مورفيمي ( ی ، ه ) في حالات الاضافة دون وجود الجنس أو مطابقة العدد، في حين تستعمل الكرمانجية الشمالية مورفيم (ێ) للمفرد المذكر و (ا) للمفرد المؤنث و (ێن، ێد، ێت) للجمع .

اضافة الى ما تقدم فقد جرت المقارنة بين حالات النداء و درجات النعت و حروف الجر ....

أما العبارة الفعلية، قد شملت مقارنتها للمورفيمات النحوية التي يتجسد الزمن و الشخص القواعدي المتمثل بالضمائير المتصلة و التطابق بين الفعل و الفاعل و كذلك الفعل و المفعول به، اضافة الى المبني للمعلوم و المبني للمجهول و صيغ الافعال المختلفة الاخبارية و الانشائية و الأمرية — و تحويل اللازم الى المتعدي...

و عند مقارنة الامثلة في العبارتين الإسمية و الفعلية و الجملة ككل تم استنتاج بعض اوجه التشابه و التباين في الادوات المورفوسينتاكسية في اللهجتين. و من اهم هذه النتائج وحدة اللهجتين في القواعد الاساسية وذلك من خلال وحدة المورفيمات النحوية و ان الخلاف او التباين كثيراً ما يتعلق بالمعجم و الصوت. في الختام نرجو ان نكون قد وفقنا في اشعال ولو بصيص نور في تلك الحالات المعتمة و الغامضة لدى دارسي هاتين اللهجتين و من الله التوفيق .

# *Abstract*

*This paper is a contrastive study of morphosyntactic elements of Central Kurmanji and Northern Kurmanji, that's , it is devoted to the study of those grammatical morphemes which are involved in forming phrases and sentences and the difference situations of the lexical items which provide sentence structure.*

*Although no dialect becomes a natural dialect but the existence of dialects in diverse languages is a natural phenomenon that presents differences of area, community and of expression.*

*From this perspective, a contrastive study of expression was conducted in two different areas- Central Kurmaji and Northern Kurmanli – according to the basic components of the sentence which are none phrases and verb phrases.*

*It is clear that every NP consists of none or a pronoun. This case of a noun such as definite, indefinite , singular, plural, genitive and promulgation are assigned to the inflectional morphemes.*

*Definiteness is one of the points of differences between the two dialects of kurmanji = (-aka/ەکە-) play, a main role in making the noun definite whereas Northern Kurmanji lacks this morpheme .*

*This phenomenon is presented through demonstrative Pronouns and Genitive.*

*Meanwhile, in both dialects of Kurmanji plurality is formed through the morpheme (-□n/ ان-) , but in Northern Kurmanji, direct case is not overtly realized.*

*In Genitive case, the morphemes (-y/ی and –a/ە) are used in Central Kurmanji regardless of gender while in Northern Kurmanji, the morpheme (-ē/ێ) for male and (-a/ا( for female are used respectively.*

*Within this regard, a contrastive study of the components of prepositional phrases and the degrees of adjectives is cared out which involves many points of similarities between these two dialects.*

*In contrasting verb phrases , the morphemes of tense, person and agreement between subject and verb and object and verb are studied.*

*The morphemes which are used in active and passive voices are contrasted.*

*Different types of mood are discussed with ample examples.*

*Moreover , changing intransitive verbs into transitive is dealt with, As a result , some of the similarities and differences of the morphosyntactic elements between the two dialects of Kurmanji are recorded.*

*Furthermore , it was pointed out that the two dialects have a common grammatical basis by unifying most of the grammatical morphemes.*

*Almost all the differences are found at lexical and phonetic levels rather that in the rules which are stored in the mind of native speakers of the language.*

*Finally , we hope that we could present a sufficient explanation for the complex aspects of these two dialects so that it can help the readers of these dialects to be safe in understanding .*


**پەراوێزەکان**

١) فواد حەمە خورشید – دابەشبوونی جوگرافیای دیالێکتەکانی زمانی کوردی ، ل ٣٨

٢) ناوەکانی (زارۆك، نامە) لەبیروهۆشی قسەکەرو گوێگردا چەمکی ناسراوی لەخۆدەگرن، چونکە هەموو ناوێك لە زمانی کوردیدا لەباری ڕەهادا ناسراوە، بۆزانیاری زۆرتر بڕوانە (ڤیان سلێمان : ٢٠٠١:٤١).

٣) ) بڕوانە چاوگەکانی : گەریان ، چەقیان ، نڤستن، کەتن ، فروتن ، دیتن ، دروون ، بوون ، برن ، مرن ، کرن ، خوارن ، نڤاندن، کرِین ، نڤیسین ، دەنگەکانی (ا، ت، و، ی) وەك مۆرفیم دەبنە مۆرفیمی کاتی ڕابردوو.

٤) مەبەست لە ڕووکار، ڕێژەی کارە ( صیغة الفعل).

٥) بەپێی شوێنی، گۆڕینی (د/ دێ)یە مەبەست لێی نزیککردنەوەیە.

## سەرچاوەکان :


١- ابوبکر عمر قادر، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، ٢٠٠٣ ( نامەی دکتۆرای بلاّو نەکراوە).

٢- فردینان دی سوسیر ، علم اللغە العام ، ترجمە د. یوئیل یوسف عزیز ، دار افاق عربیە، بغداد ، ١٩٨٥

٣- فەرەیدوون عەبدول محمد، نادیاری ، ١٩٨٨ (نامەی ماجستێری بلاّنەکراوە)

٤- عبدالوهاب خالد ، چەند بابەت و لێکۆڵینین زمانی، ئیکەتیا نڤیسەرێن کورد، دهۆك، ژ ١٦٢، ٢٠٠٩

٥- ڤیان سلیمان حاجی سلیڤانەیی، ڕێکەوتن لە شێوەی ژوورووی زمانی کوردیدا، ٢٠٠١ ، (نامەی ماجستێری بلاّونەکراوە)

٦- محمد معروف فتاح، زمانەوانی ، دار الحکمە، هەولێر ، ١٩٩٠ .

٧- محمد علی الخولی، معجم علم اللغة النظري ، انگلیزی – عربی ، مکتبە لبنان، بیروت، ١٩٨٢.

٨- وریا عمر ئەمین ، نیشانەکانی کات لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کاروان، ئەمینداریێتی گشتی بۆ ڕۆشنبیری لاوان، هەولێر، ژ ٩٢، ١٩٩٢.

٩- وریا عمر ئەمین، سیستەمی کارکردنی ڕاناو لە کوردیی ژووروودا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ: ١٤٧، ٢٠٠١، بغداد .

١٠- وریا عمر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای بلاّوکردنەوەی کوردی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

11- Bussman (1990) Routledy Dictionary of language and linguistics . London and New York

12- Crystal. David (2003) A Dictionary of linguistics and Phonetics , 5th edition , Blackwell, Oxford.

13-katamba . Francis (1993) Morphology , macmillan , London.

14- Radford. Andrew (1997) Syntax : A minimalist Introduction , Cambridge University Press.